حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان

حكومة إقليم كوردستان ـ العراق
مجلس الوزراء
رئاسة الديوان

ژمارە: ٠٩٩١
العدد:

ڕێکەوت: ١٧ / ٥ / ٢٧٢٤ی کوردی
التأريخ: ٧ / ٥ / ٢٠٢٤

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
ئەنجومەنی سەندیکا
هاتوو ٤٣٢
ژمارە:
بەروار: ٢٠٢٤/٥/١٣

دەرکردە
الصادرة
هەرێمی کوردستان ـ عێراق ـ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
إقليم كوردستان ـ العراق ـ رئاسة مجلس الوزراء

## بۆ/ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

## بابەت/ ڕێژەی کارکردنی کارمەندانی ناوخۆ لە پڕۆژەکان

هاوپێچ، وێنەیەکتان لە نووسراوی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان ژمارە (س.ی/٢٨/٢٠٢٤) لە ٢٠٢٤/٤/٢٥ لەگەڵ بەراییەکەی بۆ دەنێرین، بۆ مەبەستی بەدواداچوون.

لەگەڵ ڕێزدا...

**د. ئومێد صباح عثمان**
**سەرۆکی دیوان**

وێنەیەک بۆ:

- سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان/ نووسراوتان لەسەرەوە/ بۆ ئاگاداری/ لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی کاروباری کارگێری و دارایی .
- دۆسیەی گشتی.
- خولاو.

ڕاپێچی [illegible] بۆ دابەزاندن؟ [illegible] .
٢٠٢٤/٥/١٣

یەکێتی سەندیکاکانی ئەندازیارانی کوردستان
Kurdistan Engineers Syndicates Union

KURDISTAN ENGINEERS UNION

**سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان** | **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**

**ژمارە/ س.ی/٢٨/٢٠٢٤** | **بەروار/ ٢٠٢٤/٤/٢٥**

## بۆ/سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران - سەرۆکایەتی دیوان

## ب/ ڕێژەی کارکردنی کارمەندانی ناوخۆ لە پڕۆژەکان

سڵاوو ڕێز ......

ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٧٢) لە (٢٠٢٢/٩/٢٠) تایبەت بە مسۆگەرکردنی مافی کار بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای مەرجو دەرفەتی یەکسان لە نێوان سەرجەم هاووڵاتیان بەبێجیاوازیو رەخساندنی دەرفەتی راهێنانو پەرەپێدانی تواناکانی هاووڵاتیان، وە لە خاڵی دووەمی بڕیارەکەدا خاوەنکار پابەند کراوە لە پیشەو پڕۆژەکانی بازاڕو کەرتی تایبەتو پڕۆژە هاوبەشەکانی نێوان کەرتی گشتیو تایبەت کە ئەولەویەت بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بدەن بۆ پڕکردنەوەی دەرفەتەکانی کار لە هەرێمی کوردستان بە جۆرێك پابەند بکرێن بەلایەنی کەم ڕێژەی (٧٥٪)ی هێزی دەستی کاری پیشەو پڕۆژەکانیان لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بنو نابێت بیانی لە هیچ حاڵەتێکدا لە ڕێژەی (٢٥٪)ی هێزی دەستی کاری پیشەو پڕۆژەکانیان تێپەڕ بکات. ئەم بڕیارە لەناو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە کرێکارو پیشەوەرەکانەوە بە تایبەتی ئەندازیارانی کەرتی تایبەت زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێ کردووەو بە بڕیارێکی دڵخۆشکەرو ئومێدێکی باش پەیدابوو بۆ دەرفەتی کاری ئەندازیاران لە کەرتی تایبەت بەتایبەتی لەم بارودۆخە نالەبارە ئابووریەی کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوەو حکومەتی هەرێمی کوردستانی ناچارکردووە بە کەمکردنەوەی ڕێژەی دامەزراندن لە دامودەزگاکاندا، بەڵام بەداخەوە ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە تاکو ئێستا ئەم بڕیارە وەك خۆی لە هەندێ شوێن جێبەجێ نەکراوەو گرنگی بە کارمەندانی ناوخۆ نادرێتو زیاتر پشت بە کارمەندان بە تایبەتی ئەندازیارانی بیانی دەبەسترێت نەك ئەندازیارانی ناوخۆ؟! تەنانەت لەکاتی بەدواداچوونمان بۆ هەندێك پڕۆژەکان، بۆمان دەرکەوت هەندێك لەو کارمەندە بیانیانەی کە وەك ئەندازیار خۆیان ناساندووەو لە پڕۆژەکان کاردەکەن، هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمیان نیە کە ئەندازیار بن کە پێویستە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە بڕوانامەکانیان هاوتا بکرێن وەك هەر وڵاتێکی ترو بە فلتەری فەرمی تێپەڕ بکەنو لەلایەن سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانەوە پشتگیری بکرێن؟! هەروەها ئەگەر هەڵگری بڕوانامەی ئەندازیاریش بن لە وڵاتی دایك پێویستە بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان ڕێکارەکانی تۆمارکردنی ناوو پیشەکانیان لەلایەن لایەنە پەیوەندارەکانەوە ئەنجام بدەن. لەماوەی رابردووشدا بە نووسراوی فەرمی بۆ چەندین جار لایەنە پەیوەندارەکانمان لەم گرفتە ئاگادارکردۆتەوە بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبووە. بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان گشتاندنێك بکەن بۆ لایەنە پەیوەندارەکانی کەرتی گشتیو تایبەت بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی بڕیاری ئاماژەبۆکراو لە سەرەوە تاکو دەرفەتی هەلی کاری زیاتر بڕەخسێ بۆ کارمەندان بە گشتیو ئەندازیاران بە تایبەتی بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆری ئەندازیارانی بێکار لە هەرێمی کوردستان کە ساڵانە بە سەدان دەرچووی کۆلێژە ئەندازیاریەکان لە زانکۆ حکومیو ئەهلیەکانەوە دێتە ناو بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستانو دەرفەتی کاریان بۆ نارەخسێت.

بفەرموون ڕێزو حورمەتمان.

**سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان** | **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**

**٢٠٢٤/٤/٢٥** | **٢٠٢٤/٤/٢٥**

Mobile, Slimany: 07701520353 - 07701537318
Web: www.keu92.org
E-mail: info@keu92.org

Mobile, Hewlir: 07504456330 - 07504995017
Web: www.andaziar.org
E-mail: aakurde@yahoo.com & info@ andazyar.org

یەکێتی سەندیکاکانی ئەندازیارانی کوردستان
Kurdistan Engineers Syndicates Union

KURDISTAN ENGINEERS UNION

**یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** — **سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان**

ژمارە/ س.ی/٢٨/٢٠٢٤ — بەروار/ ٢٥/٤/٢٠٢٤

وێنەیەك بۆ/

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی هەماهەنگی‌و بەدواداچوون، بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە، لەگەڵ رێزدا.
- وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، بۆ زانین‌و ئاگاداریتان، لەگەڵ رێزدا.
- دەستەی وەبەرهێنان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێڕی‌و داریی‌و یاسایی، بۆ زانین‌و ئاگاداریتان، لەگەڵ رێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە، گەرمیان، راپەرین، سۆران، زاخۆ)، بۆ زانین‌و ئاگاداریتان، لەگەڵ رێزدا.
- وەزارەتی بازرگانی‌و پیشە سازی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان، بۆ زانین‌و ئاگاداریتان، لەگەڵ رێزدا.
- یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان/ کۆمیتەی باڵا، بۆ زانین‌و ئاگاداریتان، لەگەڵ رێزدا.
- یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان/ کۆمیتەی باڵا، بۆ زانین‌و ئاگاداریتان، لەگەڵ رێزدا.
- یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان، بۆ زانین‌و ئاگاداریتان، لەگەڵ رێزدا.
- ئەنجومەنی سەندیکاو کۆمیتەی باڵای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان. بۆ زانین‌و ئاگاداریتان، لەگەڵ رێزدا.
- لێژنەی نووسینگە ئەندازەییەکانی سەندیکاو یەکێتی ئەندازیاران، بۆ زانین‌و ئاگاداریتان، لەگەڵ رێزدا.
- لقەکانی سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان، بۆ زانین‌و ئاگاداریتان، لەگەڵ رێزدا.
- بەرپرسی پەیج‌و ماڵپەری سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان، بۆ بڵاوکردنەوەی بە فراوانی، لەگەڵ رێزدا.
- دۆسیەی هاوبەش
- دۆسیەی گشتی

Mobile, Hewlir: 07504456330 - 07504995017
Web: www.andaziar.org
E-mail: aakurde@yahoo.com & info@ andazyar.org

Mobile, Slimany: 07701520353 - 07701537318
Web: www.keu92.org
E-mail: info@ keu92.org